سیره: ١٢

رب العالمین له قورئان ناویانی به ناس بردییه، (یا ایها الناس) شمولی ئەو جەمعانەی کردییه ئائەو کەلیمەیه لەوانەش شەریحەکی زۆر فەترەك لەو فەترەی هاتوو چونی شیتاء و صەیف هاوین و زستانه، که غەرەزیان تیجارەت کردن بووه، وه مەککەش جێیەکی صەحراوی بەرداوی شاخاوییه، خۆڵی نییه کەتته ناو مەجموعه چیایەکی تەپۆلکەیی که حیراء ئەشکەوتەك لەناو ئەو چیایانه باسمان کرد وەحی لەبۆ خۆشەویست لەوێ هاتبووه خوارێ، ئائەو شاره که زراعەتی تێدا نییه، پێشی حەفت دەرسان به تەفصیلی باسی مەککەمان کرد، هەتا تەقاطوعی دەموچاوی بەشەرەکان و طول و عورضیان و شکلیان و ئەثەری بیئه ئەثەری واقیع حەیاتیان چەند تەئثیری هەبووه حەتتا شکلی ئەو عەرەبانه.

جەمعەکی زۆر لەو عالەمەی گوتمان به تیجارەت خەریکن چونکی مەنطیقەکه صەحراوی بووه، لمه عاردەکەی زراعەت نەبووه، ئائەو تیجارەتەی که کردیتیان لەگەر خۆیان له خاریجی خۆشیان، چونکی مەقامی مەککه پێشترێ بەحسمان کرد مەجموعه صیفەتەکی هەبوو یەك لەوانه مەقامی دینی بوو دینەن مەککه قیبله بوو لەبۆ غەیری پێغەمبەری پێشی پێغەمبەری ئائەو مەثابەیه ئەو قیبلەیه له ئیبراهیمەوه لەبۆ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم به میرات مابوو، شەریحەکی زۆر لەو موجتەمەعەی بەو حاڵەتەی مەشغوله، ئەمما شەریحەکی کەمتر و گچکەتر هەر له ناوەوان مەجموعەك دەورەمەند ئەغنیا مەجموعەك که سەیطەره و سەطوەیان کردبی لەسەر تیجارەتی مەککه، سەیطرەیان کردبته سەر عەوام عاممه پاره و پول لەکنەوانه ئەوان به واسطەی پارەی خۆیان کاسبی دەکەن، تیجارەت دەکەن ئەو خەڵکەی دینن و دەبەن لەبۆ شام و لەبۆ حەظرەمەوت و مەنطیقەی شیمالی کوفه، ئەو وەختی عێراق بووه لەبۆ کڕین و فرۆشتن، خۆشیان لەوێ نیشتەجێ بوینه بەعضه جار یەك لەوانه بوویته سەر قافله لەبۆ تیجارەت وەکو ئەبو سوفیان وەکو وەلید بن موغیره وەکو عەناصریتکەی ئائەو مەجموعه کەمه دەورەمەنده ڕاقییه.

هەر لەگەر وان فیئەکیتکه هەیه دیسان لەوان ڕاقیتر لەوان به قیمەتتر له ناو موجتەمەع ئەویش فیئەی سەدەنەیه، سەدەنه بەو ئەشخاصانه دەگوترێ که وەختی خۆی ریعایەتی صەنەمەکانی کردییه، دائیمەن پەڕۆکی له دەست بووه صەنەمەکانی سڕیتەوه خاوێنی کردییه، لۆوەی ببریقێ جەذبی موقابیل بکا هەر صەنەمەك سەدەنەی مجێوری خۆی هەبووه، مەثەلەن برێین هوبەل ئەبوجەهل سەدەنەی بووه مجێوری بووه، ئەبوجەهل ئەوهای پشان دایه لەناو موجتەمەع که صاحێبیاتی ئائەو صەنەمەیه یاخود عیلاقەکی روحی هەیه بەینی هوبەل و بەینی ئەبوجەهل، عیلاقەکی روحی، هەر شەخصەك هەر ئیشەکی هەبی هەر مەقصەدەکی هەبی بگاته کن هوبەلی که صەنەمەك بوو ئەو

زەمانی دەبی بیطاقەی لەکن ئەبوجەهل ببڕی، ئەوجا پاشان ئەبوجەهل عەریضەکەی تەقدیم دەکا لەبۆ هوبەل دیسان هەر هوبەل وەحی دەداتە ئەبوجەهل ئەبو جەهلیش تەحویل دەکا وەحیەکەی لەبۆ ئەو کابرا عەوامەی میثالیشمان لەبۆ وانە هینا، ئائەو دوو فیئەیە فیئەی تاجیرە گەورەکان دەورەمەندەکان لەگەر فیئە مجێورەکانی ئەصنامەکان ئائەو دوو مەجموعە کەمە، ئەوان بوون ساسە و داهیەی مەکە لەو زەمانی قەوانین و ئەنظیمە و تەشریعات لەوان دەردەچون ئەوان موسەیطڕ و موهەیمەن بوون لەسەر هەموو ژیانی ئیجتیماعی و ئیقتیصادی و سیاسی و عەسکەری و هەتا فیکری و دینی ئەو موجتەمەعەی.

دائیمەن لە بەینی دینی ئینحیرافی هەر دینەك ئینحیرافی بی لەگەر پیاوی سیاسە و حوکومات ئیرطیباتەکی وەثیق دروست دەبی لۆوەی کابرا بتانی کابرای سیاسی کابرای عەسکەری بتانی دەرێی ئینسانی سەیطەرە پێ بکا، ئەمما لە داخیلی ئینسان زۆر شت هەیە دێ و دەچی، داخیلەکەی دەفعی دەکا بەعضە قیود و قەوانینی سیاسی کابرای عەسکری بشکێنی، ئیذەن کابرای سیاسی موحتاجی بەوەی هەیە شەخصەکیتکە ببینتەوە داخیلی ئەو ئینسانە تەضلیل بکا لەبۆی ئەویش بەکێ دەکرێ؟ بە سەدەنە و کەهەنە و ریجالی دین، پیاوی دین ئەو زەمانی مەحاوەلەی کردییە عەقلی عەرەب قەولەبە بکا عەقلی عەرەب تەقسیم بکا لەبۆ ئەو ئموڕانەی کە فیعلەن قوڕیشییەکان زوعەمای قورەیش دەیانەوێ، لۆیێ مەثەلەن ئەثەری مەککە وە بەیت کە قەدیمەن لە حەزرەتی ئیبراهیمەوە مەوجود بووە سەدەنە تانیتیان لەبۆ ئەغراضی سیاسی تەحلیلی حەرام بکەن وە تەحریمی حەلال بکەن، مەثەلەن تانیتیان اشهر الحرم کە قاطیبەتەن عەرەب هەمووی لە ناوە خۆی موتتەفیق بووە شەڕی تێدا نەکا، سەدەنە تانیتیان قانون دەربینن بابە اشهر الحرم ئەمە لە چار مانگی سەفەر و ذالقعدە و ذالحج و محرم ئەوانە سەحب دەکەین لەبۆ مانگەکانی دی، لۆوەی فیعلەن ریجالی سیاسە و عەسکەریین بتانن دەوری خۆیان لەو فەترە و زەمانەی ببینن، ئەگەر بهاتبا تەصادومەك لە بەینی اشهر الحرم و قانون و تەشریعاتی سەدەنە و ریجالی سیاسە ببایە ئائەو مجێورانە قانونەکەیان ئیلغا دەکرد یان تەئجیلیان دەکرد، ئائەوە مەوجودە لەناو مەککە ئەوە فیئەکە لەناو موجتەمەع.

فیئەکیتکە عەدەدەکی کەم مەحدود لە نەفەرەك هەتا دە نەفەر، ئەویش پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم، خێزانی، کوڕی بە تەبەننی زەید، عەلی لە خێزانی بە اهل البیت حسابە لەناو ماڵی بە خێوی دەکرد، عومری حەفت ساڵ پاشان نۆ ساڵ پاشان الی أخرە، هەتا گەورە بوو لە کنەوی ئەوجا لە خارجی عائیلەی وی ئەبوبەکر و حەفت هەشت نەفەریتکە، ئائەوانە ئەو جەمعە گچکەیە کەفەیکەی میزانن طەبعەن ئەوە بەحسی ئەوەی دەکەین ئەمە خەریتەی مەککەمان هینایتە بن چاوی خۆمان لە هەلیکۆپتەر تەماشای مەککەی دەکەین ئەوە جەمعی موئمینین لە دوو سێ نەفەر هەتا دە نەفەر،

جەمعی کەلیمەی ناس (یاأیها الناس) جارێ نەبوویتە (یاأیها الکافرون) لەوەندە مەجموعەنە ئەو هەموو طەبەقە ضەخمە لە دوکاندار لە قەصاب و لە نەجار و لە خەیاط و لە شورطە و لە موظەف و پاشانیش مەجموعەکی کەم لە مەسئول لە رەئیسی شورطە.

مەثەلەن ئەبوطالب ڕەمزی قوڕەیشە ئەوە ڕەئیس جمهوریان بووە ئەو زەمانی، طەبعەن مەقامی خاصیان هەبووە ئەو جەمعە سەدەنە و ئەو مەجموعە سیاسیانە نادیان هەبووە وەکو نادی ئەوڕۆ هەتا کەلیمەی بەناوی نادییە رب العالمین لە سورەتی علق دەفەرمووی: (فلیدع نادیه)(العلق ١٧) لە کتوبی سیرەش ئەوەی تەطەلوعی هەبی لەسەر کتوبی سیرە هەر ناوی بە نادی هاتییە، نادی قورەیش یان دارالندوة قورەیش ئەوە جێی بەرلەمانیان بووە جێی تەخطیط دانان و ئیستیشارات و خەرائیطی موستەقبەلی ئەوجا ئیقتیصادی بی ئەوجا سیاسی بی هەتا ئیجتیماعی، ژن هینان لەوێ ئیعلان دەکرا، ئەوەی کوڕە ئاغا و دەوڵەمەندەکان کە ژنی لۆ بهاتبایە یان ئیعلانی قەضیەکی ئیجتیماعی بکرابا لە مندال بوون و لە طەلاق دان لەو نادییەی بەحس دەکرا، ئەوە فیئەی دووەم.

فیئەی یەکەم گوتمان پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەگەر ئەو جەمعەی فیئەی دووەمیش ئەو کافرانە شەریحە گەورەکە لەگەر شەریحە گچکەکەی هۆردوو طەرەفیش عیلاقەیان بە ئاسمانەوە هەیە، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە (رب العالمین)ەوە سەفیرە موباشیر جبریل دێتە خوارێ ئەوامری لەبۆ دەنێری، (بالمقابل)یش ئەوەی موقابلیش عەینی ئیتیصالی بە ئاسمانەوە هەیە، ئەمما بە طەرەفی شەیطان، شەیطان بە هەموو عەناصر و ریجالاتی خۆی بە هەموو ئیمکانیاتی عەقلی و فیکری خۆی مەوجودە لەو هەیئەیەی کە قوڕەیش لۆ خۆی دایمەزراندییە و دروستی کردییە.

حالەتەکی غەریب هەیە لە کتوبی سیڕە جێی مولاحەظەیە، ئەویش کأنە قوڕەیش بێی خەطەواتی عەمەلی مواجهەی ئیسلام قەطع کەی بینی ئەوڕۆ تەشریح و تەحلیلی بکەی دەرێی کأنە دائیرەی ئیستخبارات و موخابەرات و ئەمنی ئەوڕۆیە ئی (CIA) و (KGB) ڕوسی، ئەوها داهیە و ذەکی بوینە ئەوها موخەطەتاتی ڕەهیبیان دانایە لەبۆ تەقویض و موحاصەرە و تەکمیشی دەعوەی پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم، ئەمە ئەوها ئیعتیبار دەکەین عیلمەن خۆی قورئان ئوفوقەکیتکە دەکاتەوە لەبۆمان ئەمە ئیهمالمان کردییە ئەویش ئەثەری شەیطان لە صیاغە و تەقنین و کە خەریتە دانان لەبۆ کەفەرە، عیلمەن ئەمە قەدیمەن موتتفیقین لەسەر ئەوەی سیڕەی ئەمەی دراسەی دەکەین قورئانی بی لە قورئان ئەمە سیڕە کەسب کەین سەحب کەین، قورئان دەرێ مەکشوفی شەیطان عیلاقەی هەبووە لەگەر زوعەمائو قیادەی قوڕەیشی کافری ئەو زەمان، لە سورەتی شعراء سورەتەکی مەککییە دەفەرمێ: (هل أنبئکم علی من تنزل الشیاطین) (الشعراء ٢٢١) کو گوتمان (إنا أنزلناه في لیلة القدر) (القدر ١) تەنزیل دەکرێ قورئان لە عەینی وەقتیش شەیطان تەنزیل دەکرێ

شەیطان دێتە خوارێ نزول دەکا (تنزل علی كل أفاك أثيم) (الشعراء ٢٢٢) شەیطان دێتە خوارێ (يلقون السمع وأكثرهم كاذبون) (الشعراء ٢٢٣) ئەوە ئەو ئایەتە بەحسی صیفەتی ئینسانەك دەکا لە هەر ئینسانەك ئەو صیفەتە ئەو دوو صیفەتە مەوجود بی ئیستیعدادی شەیطانی هەیە یان شەیطان ئیستیعدادی هەیە سەفارەتی لەگەر بکاتەوە.

ئائەو صیفەتە عاممە دەبی لە زەمانی پێغەمبەری لە بیدایەتی دەعوە مەوجود بی یان نا؟ لە جەواب دەرێین بەرێ رب العالمین لە سورەتی قەلەم دووەمین سورەتە هاتتە خوارێ دەفەرمووی: (ولا تطع كل حلاف مهين، هماز مشاء بنميم، مناع للخير معتد أثيم) (القلم ١٠-١١-١٢) خەت لە بن کەلیمەی (أثيم)، لێرە نەفسی وەقت لەوێش دەفەرمووی: (هل أنبئكم على من تنزل الشياطين، تنزل على كل أفاك أثيم) (الشعراء ٢١-٢٢٢) دوو صیفەتە لەو شەخصەی مەوجودە شەیطانیش ئیختیاری ئەو شەخصەی دەکا کە فیعلەن ئەو صیفەتەی تێدا مەوجودبی، نزول بکا یاخود لە سورەتی ئەنعام سورەتەکی مەککییە دەفەرمی: (وإن الشياطين ليوحون إلى أوليآئهم ليجادلوكم) (الانعام١٢١) (الشياطين) يوحی، کو رب العالمين دەفەرمی: (وأوحى ربك) (النحل ٦٨) (قل أوحي إلي) (الجن١) نەفسی شت شەیاطینیش: (وإن الشياطين ليوحون) نەفسی کەلیمەی ئیستیعمال کردییە رب العالمین: (إلى أوليآئهم)، گووتمان کەلیمەی وەلی یەعنی موعین صاحب صديق نەصیر (ليوحون إلى أوليآئهم) لەبۆ چ؟ (ليجادلوكم وإن أطعتموهم إنكم لمشركون) ئیذەن شەیطان عیلاقەی موباشیر وە عیلاقەی صەمیمی لەگەر کەفەرە هەیە، لە هەر زەمان لە هەر مەکانەك.

ئیذەن ئەو خەریتەیەی کە ئێستا ئەمە لە سیرە زەمانی پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم کە تەمەشاش دەکەین بە ئینبیهار تەمەشا دەکەین عەقلی وەلیدی بن موغیرە چ عەقلەکی داهیە بووە، بەو نەوعەی کأنە فیعلەن سی ئای ئەی ئەمریکی ئەورۆ خەریتەی لەبۆ دادەنێ یان ئەبو سفیان کو تانیتی لەو مستەوا ذەکائە باریعەی تەعامول بکا لەگەر پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم؟ لە جەواب دەرێین شەیطان عەقلەکی کوللە ذەکائەکی موطلەقە، ئەمما لەبۆ شەڕ لە هەموو زەمانەك مەوجود بووە ئائەو کوفرەی ئەو زەمانی مەوجود بووە کە شەیطان عیلاقەی لەگەر بکاتەوە، نەفسی کوفری ئەورۆیە نەفسی خەریتەیە نەفسی وەحییە، ئیذەن جەبهەی موعادیی زەمانی پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم ئائەو طەبەقە شەریحە عاممەیە ئەو مەجموعە سیاسی و مجێورەکان وە شەیطان لە سەریان شەیطان ئیتیصالی موباشری هەیە قانون و نیظام و (يوحى الى أوليائە)، ئەوها بکەن لەگەر محمد بەو نەوعەی بکەن ئەگەر خوا عومر بدا لە مستەقبەل دێینە سەر لەقەطاتی زۆر مەکشوف یەك لەوانە لە ئەثنای هیجرەتی یان ئیخراجی رسول الله صلى الله عليه وسلم لەناو مەککە، شەیطان ظاهیرەن خۆی مەوجود دەبی لە ئیجتیماع خۆی لە ئیجتیماع مەوجود دەبی لەسەر شکلی عەرەب هەتا ئەغلەبی

نایناسن دەرێ ئەمن وەفدم هاتیمە مشارەکەتان بکەم و خەریتەتان لۆ دابنێم وە خەریتەی وی چاکترین و زیرەکترین خەریتە دەبی لەبۆ تەطبیق، یەعنی عەرەبەکان قوڕەیشییەکان ئەبوسفیان وەلید ئەوانە هەموو بە چاوی خۆیان شەیطانیان دیتییە.
مەعەسکەری کوفر یان مەعەسکەری (یا أیها الناس) لەو سێ چار نەفەرانە و پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم خۆی و مەجموعە موئمینین ئەمما موتەصیلە بە الله عەن طەریقی جبریل، عەمودەك هەیە موباشیر دێتە سەر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەویش جبریلە، ئەوجا دێین جارێ عیلاقەمان بە صەفی یەکەم نییە قورەیش و سیاسییون و سەدەنە و مجێور و پاشان شەیطان، بێین جارێ حالی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بزانین کووە پاش وەرگرتنی قەواعیدی ئیمان بەحسی چار قەواعیدە ئیمانیەکەمان کرد، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەوانەی هەموو تەطبیق کرد، سێ چار دەرس پێش ئێستا بەحسی ئەوانەمان کرد پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەو حالەتانە تەطبیق دەکا لەناو داخیلی خۆی ئەو تەطبیقیەتانە پێی دەگوترێ مومارەسە.
مومارەسە یەعنی چ؟ دختۆرەك زۆر عەمەلیات بکا خۆی جەرراح بی ئیشی جیراحە بی زۆر عەمەلیات بکا کە لە عینوانی دەنوسی ناوی خۆی، پاش ناوی دەنوسی طبیب ممارس، مومارس یەعنی چ؟ یەعنی ئەوەندە تیکراری کردییە ئیشەکەی، چاوی بچوقێنی دەتانی دورمانەکەی بکا، کابرای سائق نەفسی شت ئەوەندە ئیشەکەی کردبی پێی دەگوترێ سائق مومارس موتەمەریسە لەو ئیشەی زۆر تیکرار و ئیعادە دەبتەوە، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەو حالەتە ئیمانییە لە داخیلی خۆی کە بەحسمان کرد (إقرأ)ی کرد پاشان (واذکر اسم ربك) (المزمل ٨) کردی پاشان (واذکر ربك) (الاعراف ٢٠٥)، ئەوانە هەمووی لەناو داخیلی خۆی پێشی ویش تەصفیر و فیطرە هینانی سەر قەلبی، قەلبی هینا سەر صفر تەصفیری کرد بەناوی کەلیمەی فیطرە، ئایات و ئایاتی کەونی و ئایاتی بەشەریمان هینا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەوانە هەمووی کردییە، کە ئەوانەی کردییە رب العالمین ئایاتی لۆ هینایتە خوارێ، کە ئایاتی لۆ هینایتە خوارێ، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە ناو داخیلی خۆی تەفاعولی لەگەر ئەو ئایەتانە کردییە مومارەسەی ئەو ئایەتانەش حالەتەکی تازە دروست بووە، ئەو حالە تازەیە دەبی تەحویلی کا لەبۆ واقیع.
تەحویلی کا لەبۆ واقیع، ئەو واقیعە ئەوامری دەوێ مەئموراتی دەوێ، مەثەلەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەو قەواعیدە ئیمانیانەی کە بەحسمان کردهەمووی مومارەسە کرد داخیلی تەصفییە دەبی، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەبی ئەدائی وەظیفەك بکا ئەوە ئیشیتی نەبییە، ئەو وەظیفەیە بە چ دەبی؟ بە ئیجادی ئەو حالەی لە داخیلی، کە حالەکە دروست بوو ئیستیعدادی هەیە لەبۆ تەحویلی لەبۆ واقیع ئیجادی ئەو حالەتە لەبۆ واقع، ئەویش بە مەئمورات هەتا ئەو حالەتە دروست نەبووە ئەمر

نەكرایە بە نوێژ كردن بە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، ئەمر نەكرایە نوێژی بكە، ئەمر نەكرایە پێی چاك برێ، ئەمر نەكرایە پێی یتحدث، ئەمر نەكرایە پێی ذكركە، ئەمر نەكرایە پێی تەسبیحات بكە، ئەمر نە كرایە پێی....، ئائەوانە هەمووی كەینێ؟ پاشی ئەوەی فیعلەن داخیلی خۆی زەمینە دروست بووە، بەحسی ئەوانەمان كرد ئێستا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەو حالەتەینە ئەمە ئەوە مومارەسەی كرد دەبی ئەوامر بێتە خوارێ لە سەری.

ئەمما هێشتا هەر نەبییە نەبویتە رەس،ول هەر لە فەترەی سێ ساڵەكەینە هەر نەبییە جارێ نەبوویتە رەسول، چ دەكا ئەو وەختی؟ چاردە سورەتی یەكەم لە قورئان لەبۆ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هاتتە خوارێ هەمووی بەحسی ئەوەیە عیلاقەكی وەثیق بەینی خۆی و بەینی ئەو وجودە دروست كا، پاشان ئەوجا بەینی خۆی و بەینی رب العالمین هەتا كەلیمەی رب العالمین لە مەرحەلەی نیهائی هاتییە، رب جارێ رەبی مەخلوقاتە پاشان دەبتە رب السماء، دوایێ دەبتە رب الارض، رب الجبال، ئەوجا پاشان رب الحیوانات، دوایێ دەبتە رب العالمین، بەو صیغەیەی یەعنی هەمووی تەسەلسول و موتەتابیعە حەلەقاتەكانی ئەو حالەتە كە لە داخیلی خۆی دروست دەبی، دەبی غەیر تێیدا ببینی، غەیر ئەوجا صەحابەیە یان(أیهاالناس)ەكانن دەبی لە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەو حالەتانە ببینن.

لۆیێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئائەو خەیرەی كە پێشتر دروسی سابق بەحسمان كرد، هەمووی تێیدا مەوجود بوو، مەثەلەن كابرای، طەبعەن كەلیمەی كوفر جارێ نییە، كافر دروست نەبووە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تەبلیغی نەكردییە، ئەوەی موقابیل ئینكاركا، ئینكاری كرد ببتە كافر، جارێ صیفەتی كوفر دروست نەبووە، لۆ؟ جارێ صیفەتی تەبلیغ دروست نەبووە لە پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم، باشە چ صیفەتەك لە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم مەوجودە؟ صیفەتی (واما بنعمة ربك فحدث) (الضحی١١)، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بەحسی ئائەو هەموو نیعەمە كەونیانە دەكا، مەثەلەن بەحسمان كرد لە دەرسی سابق پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئاوێ دەخوا كە ئاوی دەخوا عیظەمی رب العالمین خالقییەتی رب العالمین كە ئەو ($H_2O$)یەی كو ئەوها بەیەك جەذب كردییە؟ ئەو ئاوەی لێ دروست كردییە، ئائەو ئاوە بەو نەوعەیە كە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بخوا حالەتەك لە داخیلی برەوتەوە ئەویش تێنیاتییە، یاخود هەرچی مەوجودە لەو كەونەی لە خواردن پێغەمبەر و صەحابە و بەشەر دەستیان نییە لە صونعی لە خەلقی.

مەثەلەن تەمەشای نان دەكا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەو نانە كو دروست بووە؟ دێتە سەر گەنم باشە گەنم لە كێ هات؟ جەواب خالق الله، كێ فێری كرد؟ ئائەو گەنمەی عارد هەلكەنی و لەبن عاردی نێ؟ الله، كێ باران لەبۆ ئەو عاردەی دەبارێنی؟ الله، كێ ئەو گەنمەی نموو پێدەكا گەشەی پێدەكا؟ دەبتە سومبلەك ئەوجا بە مەلایین سومبل قەطع كا پاشان گەنمەكەی بینی بیهارِی بیكاتە ئارد

بیکاته نان؟ ئەو هەموو مەراحیلانە هەمووی پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم موتابعە دەکا بە کەلیمەی الله، ئەو حالەتە واجبە لەسەری لەو فەترەیەی تەحویلی کا لەبۆ موجتەمەع، (ما أنت بنعمة ربك بمجنون) (القلم٢) لە بیدایەتی سورەتە، پاشان لە نیهایەتی ئەمری پێ دەکرێ: (وأما بنعمة ربك فحدث) (الضحى١١)، ئەوە مەرحەلەی یەکەمی نبووەتە لۆیێ کە غەیر دەهاتنە کنی یان صەحابەکان دەهاتنە کنی بەحسی نیعەمی (رب العالمین)ی لەبۆ دەکردن.

باشە نیعەمەکان بەس ئەو دونیایەیە؟ نەخێر گەورەترین نیعمە کە رب العالمین تەفضیل بکا لەسەر بەشەر عیلاقە بەستانیتی لەگەر خۆی، ئەو بەشەرە ئیتیصال بکا الله لەگەر خۆی و ئینسانەك موباشیر ئیتیصال دەکا لەگەر رەئیس جمهور، بەبێ خەت و واسطە تەلەفۆنی هەیە، مەثەلەن هەر رەقەمەکەی لێدەدا رەئیس جمهور دەردەچی، رەقەم لێدەدا مەلیك دەردەچی، ئائەو ئینسانەش گەورەترین نیعمەت ئەوە کە یەکسەر چاوی چوقاند دەستی لەبۆ برند کرد یەکسەر عیلاقەی موباشیر لەگەر (الله)ی دروست بکا، ئەوجا پاشان نیعەمیتکە زۆر زۆر (وإن تعدوا نعمت الله لا تحصوها) (ابراهیم٣٤) ئائەوانە دێتە گۆرێ، پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم بەحسی نیعمەتی هیدایەت وە ئەنعامەکانیتکەش هەموو لەبۆ ئائەو وەسەطە گچکەیەی کە تێیدا مەوجودە بەحس دەکا ئەوە مەرحەلەی یەکەمی دەعوەیە.

یەکسەر ئایەتی (قل هذه سبيلي أدعو إلى الله على بصيرة) (یوسف ١٠٨)ی لۆ نەهاتییە، دەعوەی نەکردییە پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم، یەکەمین جار کان یتحدث بنعمة الله، نیعمەتەکەش یەکەمین جار هیدایەت ئەوجا پاشان ئەو شتانە ئەویش لۆ؟ لۆوەی فیعلەن ئینسان لە کەلیمەی (أیهاالناس) سەحب کا لەبۆ دائیرەك قیچەك ربوبیەت لەناو قەلبی دروست ببی قیچەك عیلاقە لەگەر رب العالمین لەناو قەلبی ئەو ئینسانەی دروست ببی، ئائەوە ئیشی پێغەمبەری بووە صلى الله علیه وسلم فەترەی زەمەنییەکی مەحدود ئەوە تەحەدوثەکەی.

باشە ئەدی خۆی چی دەکرد؟ خۆی دەچووە ناو بەیت، لۆیێ حەفت هەشت دەرسی پێشی ئێستا گوتمان لەناو دەعوەی پێغەمبەری سڕییەت نەبووە خۆی پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم بە سڕی دەعوەی نەکردییە هیچ، دەچووە ناو بەیت دەستی دەکرد بە نوێژ کردن، ئەو نوێژەی کە ئێستا ئەمە ئەمما بەو نەوعەی نا کە نوێژی دەکرد عەلامەی ئیستیفهام و تەعەجوبی لەو وەسەطەی دروست دەکرد کە لە دەوری دەژین، لە عەینی وەقتیش دیعایەی لۆ کرایە ئەوجا عەن طەریقی صەحابە یاخود عەن طەریقی ئینسانی عادی، (یاأیهاالناس)ەکان کەلیمەی ئەوەی کە فیعلەن ئینسانەك دروست بووە عیلاقەی بە ئاسمان هەیە ئدیعای نبووەت دەکا ئەویش ناوی (محمد)ە، وەکی رەمز لە ناو بەیت مەوجودە عالەم ئەغلەبی پێی دەزانی، لۆیێ کە رادەوەستا لەبۆ نوێژ خەلك ئیستیفساری دەکرد ئەوە

چییه؟ لۆ ئەو وەکی مە ناکا؟ لۆ طەواف وەکی مە ناکا؟ ئائەو چونە خوارێ و هەستان و برندبونە چییە ئەوە؟ ئەوجا صەحابەکان یان دەور و بەر وەسەط دەیان گۆ: بابە ئەوە ئدیعای ئەوەی دەکا کە پێغەمبەرە لە ئاسمانەوە خەبەری لۆ دێ، هەر ئاسمانیش الله لە ئاسمان ئەمری پێ کردییە نوێژ بکە ئائەوە نوێژەکەیتی، جارێ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هیچ قسان ناکا ئەوجا خەرکەکە دەچون هێقەی پێغەمبەریان دەگرت دەیان گۆ: يا رسول الله یاخود يا محمد ياهذا چ دەرێی ئەتو خەرك دیعایەت لۆ دەکا، بەحست دەکا چییە ئەوە؟ ئەوجا ئەو دەیگۆ: بەرێ ئەمن پێغەمبەرم ریسالەتم لەبۆ هاتتە خوارێ ئا ئەمن ئیشم ئەوەیە خوا بەنگۆ بناسێنم بە حەق.

جارێ بەحسی لات و هوبەل و عوزا و ئەوانە نەهاتییە بەحسی شرك نەهاتییە بەحسی کوفر نەهاتییە لۆ؟ بەس قاعیدەی ئیمانی لەبۆ الله دروست ببی ئەویش بە حەجمەکی گچکە ئەوجا ئەوەی کە دەهاتە ناو دائیرەی موسڵمانان لەگەر وی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم مەحاوەلەی دەکرد نەقلی دەکرد لەبۆ دار الأرقم خانییەکی بەکرێ گرتبوو کیلۆ مەترەك خارجی مەککە لە چۆلایی چوار دیوار و دەرکەك بوو ئی صەحابییەکی بوو ناوی أرقم بووە ارقم بن أرقم المخزومي، ئەوێ قاعیدەیان بوو، ئەوەی دەهات عالەم دەهاتنە کن پێغەمبەری نەك پیێغەمبەر لە دەرکەی عالەمێ بدا نەك بچی هاوار بکا لەسە عالەمێ، فەترەی یەکەم بەو نەوعەی بوو، عالەم دەهات دەهاتنە خزمەت پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم دەیان گۆ: ئەوە چییە بەحسەك هەیە لە دەوری تو قسەکت لۆ دەکرێ لە دەورەت دەکرێ چییە مەوضوع؟ ئەویش دەیگۆ: حال و مەسەلە ئەوها، ئەگەر کابرا ئیمانی هینابا یەکسەر وەرەقەی لۆ دەکرد دەیگۆ: برۆ لەوێ ابوبکر ئیستیلامت کا لە دارالأرقم.

ئەوجا وەکی دەچوو لەوێ مەرحەلەی دووەم لەگەری دەست پێدەکا، (تذكير) (وأما بنعمة ربك فحدث) (الضحى١١) ئینتیهای هات: (فذكر إن نفعت الذكرى، سيذكر من يخشى، ويتجنبها الأشقى، الذي يصلى النار الكبرى) (الاعلى ٩-١٠-١١-١٢) ئەوە مەرحەلەی دووەمە جارێ هەتا ئێستا دەعوە نییە، (وأما بنعمة ربك فحدث) ئەوە مەرحەلەی یەکەم.

مەرحەلەی دووەم ئائەوی قەطع بوو (يأيها الناس) نەقلی دەکرد لەبۆ دار الارقم لەوێ لەگەری مەحاوەلەی دەکرد بە چ؟ بە تذكير بما كان يذكر يذكر بالله بحقوق الله بمقام الله، أي يتعرف على الله، بە چ؟ بە واسطاتی مەخلوقات، بە واسطەی ئائەو ئایاتە بەصەریانەی کە هەموو وەقت چاوی دەکەتە سەریان، ئینسانەکە دەیبینی ئەوە مەرحەلەی دووەمی بوو.

هەر لەسەر کەلیمەی (تذكر) لە سورەتی قلم دەفەرمی: (وإن يكاد الذين كفروا ليزلقونك بأبصارهم لما سمعوا الذكر ويقولون إنه لمجنون، وما هو إلا ذكر للعالمين) (القلم ٥١-٥٢)، ئیذەن پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە هۆردوو دائیرە دائیرەی ناو ئەهلی ئیمان لەوێ وە دائیرەی کوفریش یاخود

دائیرەی (أيهاالناس) جارێ کوفر دروست نەبووە، لە خاریج بەحسی تذکیری دەکردن، ئائەوە مەرحەلەی دووەمی پێشی دەعوە، هەر دیسان لە سورەتی المزمل دەفەرمووی: (إن هذه تذكرة فمن شاء اتخذ إلى ربه سبيلا) (المزمل١٩)، تذكرة پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بە یادیان دەخاتەوە بەس الله مەقامی (الله)ی وەکو دەبی ئینسانی موئمین عیلاقە لەگەڵ (الله)ی دروست کا، ئائەو حالەتە ئیمانیانە طەبعەن پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کەم قسەی دەکرد ئەووەختی زۆری قسە نەدەکرد، ئەمما زۆر تەطبیقی دەکرد کەم قسەی دەکرد زۆر تەطبیقی دەکرد.

مەثەلەن شەو هەموو شەو هەڵدەستا، باشە دائیمە قسەی دەکرد لەگەر صەحابە؟ لە جەواب دەڵێین نەخێر دائیمەن تەعەبودی دەکرد، دائیمەن تەفکیری دەکرد، دادەنیشت چاوی دەچوقاندن مەخلوقاتی هەمووی دیراسە دەکرد، (قم الليل) قسەی نە دەکرد، لۆ چ؟ لۆوەی فیعلەن ئەو حالەتەی دیسان سەر لە نوێ تێیدا دروست ببی ئەگەر هات و مەئموراتی نوێ هاتە خوارێ بتانی تەحویلی کا لەبۆ واقع، ئەوە ئیمانە حالەت لە ناو داخیلی پێغەمبەر و صەحابە دەبی دروست ببی، رب العالمين ئەو حالەتەی ببینی ئەوجا ئەمریان پێ بکا ئەوها بکەن کە ئەوهایان کرد تەحویلیان کرد لەبۆ واقیع ئەو شتەیان کرد حالەکی تازە دروست دەبی، ئیحتیاجی بەوە دیسان سەر لە نوێ خۆیان ئیعداد کەن لەبۆ ئەو مەئموراتانەی دیسان دێتە خوارێ لەبۆیان، کە مەئمورات هاتە خوارێ دیسان تەحویلی کرد لەبۆ واقیع حالەکیتکەی نوێ دروست دەبی، ئابەو نەوعەی ئیمان دائیمەن دەچتە پێش، ئائەوە بوو مەقصەدمان لە دەرسی پێشترێ گوتمان ئیمان کراس نییە هەر ئینسانەك بێ قۆری لەناو نێ دەبی فیعلەن حال بی لە داخیلی ئینسان مەوجود بی ئەوجا عەمەلەکەی لەسەر فەرض دەبی، یان عەمەلی لەسەر واجب دەبی یان بە عەمەلەکەی قائیم دەبی بەبێ ئەوەی تەکەلوف لەناو داخیلی خۆی دروست ببی میثالی نوێژمان هینا.

لۆیێ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هەتا حالەی نوێژ لە داخیلی خۆی ئیجاد نەکرابی لە داخیلی خۆی ئیجاد نەکرابی ئەمر بە نوێژ نەکرایە نوێژێ بکە، کە نوێژی کرد لۆیێ هەموو وەقتەکی لەناو نوێژێ عیلاقە و ئیتیصالی لەگەر رب العالمين باشتر بووە، چ ڕۆژەك وەنەبی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم برێ ئای ئەو نوێژەم چەند بێ بەرەکەت بوو، ئەمما ئەمە زۆر جار ئیحساس بەوەی دەکەین فلان نوێژمان زۆر خۆش بوو، ئەمما ئائەوەندە نوێژەمان کرد بێ بەرەکەت بوو چمان ئیستیفادە نەکرد خشوع و خضوعی تێدا نەبوو ئیحساسمان بەوەی نەکرد کە فیعلەن ئیتصال و ئیجتماعە لەگەر رب العالمين، لۆ؟ چونکی ئەمە حالەی ئیمان ئیمان هینان هەتتا بە ئایەتی نوێژیش یاخود ئیمان لەو مستەوایەی کە فیعلەن بتانین مەئموراتی نوێژ لەسەر خۆمان تەطبیق کەین ئیجادمان نەکردییە لە داخیلمان، لۆیێ توشی حەواجز دەبین، حەتتا لە ئەثنای نوێژیش.

باشه بەس پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەوها بوو؟ لە جەواب دەڵێین نەخێر، صەحابەکانیش بەو نەوعەی بوون بەس قیلەکی قەلیل نەبی لە صەحابەکان لە مەدینە بە تەئخیر بە مەدرەسەی پێغەمبەری گەیشتن بەو قانونییەتەی دا نەچون لۆیێ هەر لەوانیش خەلەل دروست دەبوو لە زەمانی پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم، هەر لەوانەوە خەلەل دروست دەبوو مەشاکیل دروست دەبوو، لۆ؟ داخیلیان جارێ بەو نەوعەی پتەو نەببوو ئائەو جەمعە صەحابەی موتەئەخیرین کە لە مەدینە ئیمانیان بە پێغەمبەر هینا، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەو حالەتە لە داخیلی خۆی ئیجاد دەکا، ئەوجا تەحویل دەکا لەبۆ موقابیل.

قورەیش بەس تەمەشا دەکا جارێ، ساسەی قوڕەیش بەس تەقاریری لەبۆ دێ لە دائیرەی ئەمنیان تەقاریرەکان یەك بە یەك دەخینن، محمد ئیتیصالات دەکا محمد عیلاقەی دروست کردییە لەگەر مەجموعە گەنجەك وە مەجموعە گەنجەکانیش دائیمە دەموچاویان نەوعە حوزنەك نەوعە حالەتەکی کأنە بە خۆدا دێنەوە، دائیمە تەفکیر کەن دائیمە فکریان مەشغولبی مشکیلەکیان هەیە، لە حالەتەکی نەفسی غەریبدان ئەو ئینسانانە کە محمد ئیتصالیان پێدەکا وەکی جاران زەوقی ئارەقیان نەمایە، وەکی جاران ناچنە نادی، وەکی جاران عیلاقەیان لەگەر ژنان نییە، لەگەر دور بیغاء ئەو ئینسانانە ئەو جەمعەی کە محمد ئیتیصالیان پێدەکا قسەی غەریب دەکەن، مەثەلەن بابیان مامیان خاریان ئامۆزایان بە دەستی خۆیان کچەکانیان لە بن عارد نایە ئێستا ئەوانە هەستاینە ئەو مەجموعە گەنجە دەڵێن ئەوە شتەکی زۆر غەرەتە کوو دەبی ئافرەت بکوژرێ؟ کوو دەبی ئافرەت مندار عومری مانگەکە دوو مانگە بەزندیاتی لە بن خۆر بندرێ، ئائەو قسانە ئەو گەنجانە دەکەن غەریبە ئەو تەقاریرانە هەمووی دەگاتە نادی شورای یاخود بەرلەمانی قورەیشی ئەو زەمان، قوریشیەکانیش هەمووی هەموو حەفتان هێواران جەمع دەبن قەراری لەسەر دەدەن، ئایە ئەوە فیعلەن ئیشکالیان لەبۆ دروست دەکا یان نا؟ مەجموعەك دەرێن: نابابە ئەوە وەکی ئەو هەقایەت بێژانەیە موحتەمەلە فەترەکیتکە زەمەن وەیلێ بکا لە ناو بچی عومری گەورە دەبی نەخۆشیەکی دەگری یەك دەیکوژی توشی فەتارەتەکی دەبی ئائەو گەنجانەش ئەثەریان لەسەر نامینێ، مەجموعەکیتکە دەڵێن نا موحتەمەلە ئەویش شاعیربی، با هەر شعران برێ لۆ خۆی موشکیلە نییە، چ لەبۆ تیجارەت و کاسبی و سیاسەتی مە ناگۆڕی زەرەری لۆ مە نییە با هەر لۆ خۆی برێ.

مەجموعەکیتکە دەرێن: نا موحتەمەلە ئەویش وەکی مووەحیدین بن موەحیدین ئائەو مەجموعەیەی کە بەحسمان کرد وەکی ابوبکر و وەکو شورەیح ئائەوانە جەمعەك بوون پێشی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئیمانیان بە کتابی حەزرەتی ابراهیم بوو صوحوفی حەزرەتی ابراهیم، خۆیان بە مووەحیدین دانایە ناویان نابوون ئەحناف، مەجموعەك دەیان گۆ: ئەوەش پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم

ئەحنافەکانە ئەوانیش هەها بزانێ ئارەقی ناخۆن زینای ناکەن ئینسانی چاکن زولم و زۆرداری ناکەن، موحتەمەلە ئائەویش یەك لەوانە بی یەعنی قورەیش جارێ مەوقیفی سلبی نییە لەگەر پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم، وە پێغەمبەریش هەتا ئێستا بەحسی هوبەل و صەنەم و ئەوانەی نەکردییە، تەشخیصی چ نەکرایە لەگەریان هۆردوو طەرەف لەیەك موتەرەصیدن پێغەمبەر و صەحابە زۆر ڕایان لەو حال و وەزعەی نییە، سەبر سەبر حلولیش دەدەن ئەمما غێر موباشر، قورەیشیش سیاسیەکان لەگەر مجێورەکان لەبەر ئەوەی دەرێن مەساسی موباشرمان ناکا، ئەقاربی (محمد)ی ئیذەن ئەثەری نییە جارێ هودنەکی موعەییەن نزیکەی ساڵ و قصورەك لە بەینی پێغەمبەر و بەینی قورەیش مەوجودە بەبێ ئیعلان، ئەوە ئەو حالەتەیە کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە بیدایەتی دەعوەی یا بیدایەتی ئیمان هینانی یان بیدایەتی برێین کە ربوبیەت و ذکر الله لە قەلبی دروست بووبی بەو نەوعەی خۆی و صەحابەکان بەرێوەیان بردییە.

ئەمما ئایە ئەو حالە چەند درێژە دەکێشی؟ ئەو وەضعە رب العالمین لە سووەری یەکەمی نزول حالات تەشخیص دەکا لەناو موجتەمەعی مەککە، مەثەلەن بەحسی ئەوەی دەکا نابی نەفەرەك ئیستیغلالی مەواریدی ئیقتیصادییاتی جەمعەکی زۆر بکا، نەفەرەك بەقەد هەزار نەفەری هەبی پارە ئەوە قیاسەکی عەدالەت نییە، رب العالمین دێ ئینتیقادی ئەو حالەتەی دەکا، سەبر سەبر بە رەمز پاشان عەن مەکشوف ضەوئی داوێتە سەر شەخصەکەی ئەوە ئسلوبی قورئان بووە، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم موباشر ئیحتیکاکی سلبی لەگەر کەس نەبووە، لە بیدایەت سەبر سەبر ئەمما بەس لە حالەتی ابولهب نەبی کە سورەتی (تبت یدی) دێتە خوارێ بە مەکشوفی ابولهب مەحکوم دەکا، ئەویش حالەتەکی شاذە ماتەبەقا لە قورئان شخوص بذاتە ئینتیقاد نەکرایە، موباشر لێنەدرایە، هەبووە مەثەلەن وەلید بن موغیرە سورەتەکی کاملی لەسەر هاتتە خوارێ، ئەمما ناوی نەهاتییە، بابی خالیدی بوو سەبەب چییە؟ لۆوەی فیعلەن ئەگەر هات و صەحابە پاشی وەفاتی پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم ئائەو شەخصییەتانە بەو مواصەفاتانە مەوجود بن شەرت نییە ناوی وەلید بی، موحتەمەلە ناوەکیتکەی هەبی موحتەمەلە ناوی کاوە بی، مادام ئەو مواصەفاتانەی هەیە لەو حالەتەش مەوجودە، ئیذەن عیلاجتان ئەنگۆ ئەوەیە دەبی ئەوها بکەن.

بەس ابولهب نەبی ئەو حالەتەش لە کەون تیکرار نابتەوە لۆیێ رب العالمین ناوی هینایە ابو لهب، بەس یەك ابولهب هەیە لە کەون چیدی (ابو لهب)ەك نایێ بە نەفسی ملابەسات بە نەفسی حالە تیکرار ببتەوە لۆوەی ئەو ئایەتەی لەسەر تەطبیق ببی، لۆیێ رب العالمین ناوی ابولهب بە مەکشوفی لە قورئان دەینی ماتەبەقا ئائەو سووەرانەی کە پاشان هاتینە مواصەفاتی قورەیشین بەحس دەکا لە قورئان، ئائەو حالە موحتەمەلە لە هەموو ئینسانەك مەوجود بی، ئەگەر هات و فیعلەن موئمین نەبی،

ئەوجا ئایە هەموو مەوجود دەبی یا قسمەك لەوانە مەوجود دەبی، لە بەر ئەوەی عیلاجات لەبۆ پێغەمبەر و صەحابەی مەوجودە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تەمەشای عیلاجات صەحابە تەماشای عیلاجاتی خۆیان دەکرد، موراجەعەی حالی ئائەو کوفر و ئەو مەجامیعانەیان دەکرد، کە فیعلەن مواجەهە یاخود دەکرێ موستەقبەلەن ببتە مواجهە.

باشە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بە چ نەفسییەتەك ئەو هەموو ئایەتانە وەربگری؟ ئەو هەموو مودارەسانە بکا وە بشتانی سەیطەرە لەسەر خۆی بکا، مەثەلەن سورەتی (تەکویر) شەشەمین سورەتە (وإذا الموءدة سئلت، بأي ذنب قتلت) (التكير ٨-٩) ئائەوە حالەتەك بووە عام بووە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تەجنینی ئەو حالەتەی لەبۆ دەکرێ بە غێر موباشر بە غێر مەکشوف، باشە لۆ نەچووە یەکسەر یەقەی ئائەو موجریمانە بگری وەکو دائیرەکی حقوقی ئینسان، برێ ئەوە لۆ وەدەکەن ئەنگۆ؟ ئەو مندالـە ذەنبی چییە؟ عومری حەفتەکە ئەوە طەبعەن شتەکی زۆر بارز بووە لەناویان زۆر طەبیعی و مەئلوف بووە باب کچی خۆی بگری یان کوڕی خۆی بگری لە بن خۆڕێی نێ بە زندیاتی، لۆ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم وەی نەکردیە چونکی لە بیدایەت زەمینەی لەبۆ داندرایە، زەمینەکان چنە؟ یەك ذەخیرە یەك نەوعە ماددە یاخود یەك نەوعە ناوی بنێین ڤیتامین ئەویش کەلیمەی صەبرە صەبر، لۆیێ هەر لە سورەتی مزمل و مدثر و قلم بەحسی صەبر دەکرێ، لە مزمل سێ یەمین سورەتە لە قورئان دەفەرمی: (واصبر على ما يقولون) (المزمل١٩)، باشە اذا صبر على مايقولون فكيف لايصبر على مايفعلون هم؟ (واصبر).

کەلیمەی صەبر کە حالەتە غەرەتەکەی دیت نابی یەکسەر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەسەر شانیان بنیشی ئەوجا کوت کوت لەسەر سەریان، نەء باشە لۆ وەناکا؟ نابی وەبکا؟ لە جەواب دەرێین خەریطەی عوظما لەکن (رب العالمين)ی مەوجودە خودا جل جلالە لە ئاسمان ئەو هەموو حالەتانە دەبینی ئەو ئیمانە لە (محمد)ی دروست دەبی، حالەتەکەی دروست دەکا تەحویلی دەکا لەبۆ واقیع ئەو واقیعە حالەکیتکەی دەوێ، بەو نەوعە تەدەروجەی هەتا دەگاتە ئەو حالەتەی ڕۆژەك فیعلەن ئەو ئینسانەی بە دەستی خۆی منداری خۆی لە بن خۆرێ دەنێ، پاش فەترەکیتکە دادەنیشی دەگرییێ نەك لەبۆ مندارەکەی لەبۆ بگرییێ نەء دەگرییێ لەبۆ ئائەو بزنەی نەوەك لە فرات لاقی خزیبی کەتبتە ناو فرات لە عێراق رب العالمين رۆژی قیامەت موحاسەبەی بکا، (لم لم تسوي له الطريق)؟ لۆ ڕێت لۆ چاك نەکرد دیارە زەمەن وە نەوعی عطاء بە فیعل بە واقیع لە حالی داعی یەکەم ئەصلە لە قضییە، داعی یەکەم محمد صلی الله علیه وسلم بەحسی الله دەکا بەحسی حقوق الله دەکا وە دەرێ ئەمن مەربوطم بەو(الله)یەی دەبی واقیعەن ئیسپات کا کە ئەو(الله)یە چ خلوقەکی لەو داعییەی ویستییە، خەرکەکەش لە دوور تەماشای ئائەو داعییەی یەکەم بکەن، بە میکرۆسکۆب بە منظار بە

دووربین ئەخلاقی ئەو داعییەی هەمووی موقایەسە و موعایەرە بکەن، ئەوجا ئەسماء و ئەفعالی خوای تێدا ببینن نەك بە زمان نەك بە جرائید و موجەلات نەك بە میکرەفۆنات و خوطەب و مواعیظ نەء بە حال.

لۆیێ باشترین ئسلوبی دەعوە ناجیحترین ئسلوبی دەعوە خلوقی ئینسانی موسڵمانە، وەکو پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم پێغەمبەر نەچووە لە دەرکەیان بدا نەچو مەناشر تەوزیع بکا قورئان بنوسی تەوزیع بکا هەء، بەس پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بە ئەخلاقی وەکی ڕەمزەك رادەوەستا لەناو بەیت لە ئەثنای ئیحتیکاکی لەناو بازار لەناو خەرك لەگەر خەرك ئائەوە ڕەمزی اسماء الله بوو لەناو داخیلی، رب العالمین پێی فەرمووە رقیبم ئەمن، موراقەبەی خوای دەکا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم وە صەحابەکان فێرە رەقابەت دەکا برادەرەکانی صەحابەکان مەحاوەلە دەکەن ئائەو صەحابانە لە خەتی عام دەربینن بە شەتتا وەسائیل یاخود هەتا خزم و ناسیاریان.

مەثەلەن موصعەب بن عومەیر وەربگرن موصعەب بن عمیر داکی ملیۆنێرەیە، کە عەبای لەبەردەکرد موصعەب موجەوهەرات بە نیهایەتی عەبایەکانی وە دەکرا کە بە سەر لمدا دەچو ئائەو عەبایە درێژەشیان لەبەردەکرد لۆ فەخفەخە و کەشخەیی جیرەی دەهات بە سەر لم، چونکی ناو جادەکانی مەککە هەمووی لم بوو، بە بۆنی موصعەبی دە مەتر پێشی ئەوەی بگاتە مەنطیقەی ئەوەندە بۆنێ خۆشی لە خۆی دەدا کچەکانی مەککە زۆربەیان پەنچەرەیان لۆ دەکردەوە، خۆشی بە موصطەلەحی ئەورۆ لە ناو گەنجان هەیە کەلیمەك دەرێن ئەو گەنجە سپۆڕتە، کورەکی سپۆرتە موصعەب بەژن درێژ لاواز کەشخە چاوی ئەوها پرچی ئەوها وإذا بە، فوجئەتەن ئیمان دەینی کە ئیمانی هینا ئۆتۆماتیکییەن حەتتا نەك بەس داخیلی موصعەبی حەتتا خارجی موصعەبی دەگۆڕێ، موصعەب دەبتە ئینسانەکیتکە من نوع معین.

طەبیعەتەکی موختەلیف طەبعەن مندار بووە گچکە بووە بابی ئەمری خوای دەکا بە هێتیم دەمینێ تاقانەی باب و داکیتی هەرچی پارەی داکی هەبووە لەگەر هی بابی لەبۆ موصعەبی مایە، هەر شەوێ لە جێیەکی لە مەلهایەکی دەعوەت کرایە، ئەمما کەینێ بیانگۆتبا داکت دەتیەوێ لە چ حالەکی بایە بە هەراتن دەبا بگەیشتبا کن داکی، ئائەوەندە مەقامی داکی لە قەلبی بووە لەبۆ ئەمثیلە لەناو مەککە میثال هەیە دەرێن ئەوەی بیەوێ ئیسپاتی خۆشەویستی داکی لەبۆ خۆی بکا دەبی وەکی موصعەبی بی، ئەوە ئەو مەثەلە ئەو زەمانی بووە ئەوەی بیەوێ داکی خۆی زۆر خۆشبووێ دەبی وەکی موصعەبی بی، مەثەلەن زۆر جار وە بووە لە مەجالس دانیشتییە سەر خۆشە کە پێیان گۆتییە داکت دەتیەوێ یەکسەر مەجلیسەکەی بە جێهێشتییە چویتەوێ بە سەرخۆشی، یەعنی لە لاشعوری مەقامی داکی ئەوەندە بووە.

که موئمین دەبی ئیمان به پێغەمبەری دەینی زۆر مەحاوەلاتی لەگەر دەكرێ طەبعەن كوڕه دەورەمەنده نایگرن تەعزیبی نادەن ئەزیەتی نادەن بەس عاطفییەن ضەغطی لەسەر دەكەن، لێیدەگەڕێن باشترین شەخص ضەغطی عاطفی لەسەر بكا لەو دنیایەی بەس داكیتی بەس داكی پێیدەوێری، لۆیێ داكی زۆر ئەزیەتی دەدا حەفت رۆژ سجنی دەكا بێ ئاو و نان، به خەرکی دەرێ وەرن لێیدەن به خزمەتكار و به عەبدەكان هەمووی تەحەمول دەكا، پاشان ئەوجا داكی خۆی خۆی عقوبه دەدا دەرێ مادام وایه بائەمن بفەوتێم لەسەر حیسابی تو، داكی سێ رۆژان نان و ئاو ناخوا، كه رۆژ هەردێ لەبەر رۆژێ دادەنیشی هەتا رۆژ ئاوادەبی لۆوەی هەرچی له بەدەنی ئاو هەیه ببته ئارەقه و بڕوا ضەربەت شمس بیگری و بیكوژی، رۆژەك ئەو موصعەب له غورفەی خۆی دانیشتییه پەنچەرەیان لۆ كرتەوه حجزه داكیشی له دەرێ له بەر رۆژێ دانیشتییه ئەها به پێكەنین دەرێ: والله یادایه (یا أمی لوكان لك سبعة أروح و خرجت واحدة تلو الأخرى ماخرجت من دین محمد)، دایه نەك یەك روح حەفت روحت هەبایه یەك له دویەك دەرچوبا به خودای محمد و دینی موحەمەدی به جێناهێلم، دەبی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم چ شتەك شەحنەك لەناو قەلبی ئائەو ئینسانەی دانابی؟.

باشه پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دروست دەكا، وەكی كارتی وەكی هەویەی هەتا ئەمەش بچین وەربگرین ئەگەر ئەوهابا دەبا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم وەفات نەكا، موصعەب خۆی لەناو داخیلی خۆی ئەو حالەتەی دروست كردییه، به جوهدی خۆی ئەمما به خەریطەی پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم، ئێذەن ئەو حالەته ئیمانییه مەوقیفی دەوێ واقیعی دەوێ، صەحابه ئەو واقیعەیان تەحویل كردییه كه ئەو واقیعه هاتییه برێین حالی موصعەبی ئەوها ئەوجا ئیستیعداد رب العالمین تەمەشای موصعەبی كردییه موصعەب ئیستیعدادی ئەوەی هەیه ئایاتیتكه تەطبیق بكا، ئایەت هاتته خوارێ موصعەب ئەو ئایەتی هەضم كردییه دیسان مومارەسەی كردییه ئەوجا پاشان تەحویلی كردییه لەبۆ واقیع.

لۆیێ تەمەشایان كه هەرچی ئەعمالیان كردییه پەشیمان نەبووینه لێی پاشەكشەیان لێ نەكردییه، ئێذەن دەبی ئەعمال دەبی ئیمانی لەگەربی بەشكو ئیمان پێشی ئەعمال بی، لۆیێ له هەموو قورئان دیسان دێینه سەر نەفسی قاعیدەی قەدیممان رب العالمین بەو نەوعەی موخاطەبەی ئینسانی موئمین دەكا: (الذین أمنوا وعملوا الصالحات)،موصعەب پێشترێ دەبی ئیمان بەو ئایەتەی بینی كه دەبی ئێللا به ئەمر پێغەمبەری بكا مومارەسه دەكا لەسەر ئەو حالەتەی، ئەوجا ئەو حالەتەی تەحویل دەكا لەبۆ واقیع، لۆیێ پاشی ده مانگێتكه، ده مانگێتكه موراجەعەی موصعەبی بكه لەوەی پەشیمان نەبووه یاخود لەو كەممەی كه ئیطاعەی پێغەمبەری كردییه قیچەكی كەم نەكردنەوه زیاد دەكا ئایەتیتكه دێته

خوارێ زیاد دەکا ئایەتیتکە... نەك هەر ئەوەی تازە زیاد دەکا، نەء ئەوەی قەدیمیش زیاد دەکا چونکی لە نەفسی مەصدەرە لەبۆی دێ، بەو نەوعەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم مواجهەی واقیعی کردییە ئایاتیشی تەحویل کردییە لەبۆ صەحابە وە عەینی وەقتیش خۆی رەمزەك بووە لەبۆ ئەو وەسەطەی کە تێیدا ژیایە، بە عەمەل خەڵکی جەذب کردییە لەبۆ دینی ئیسلام لەبۆ ئیمان هینان وە لەگەر صەحابەش: (وأما بنعمة ربك فحدث) (الضحى١١) (فذكر إن نفعت الذكرى) (الاعلى٩)، پاشان مەرحەلەی سێیەم: (أو أمر بالتقوى) (العلق١٢) نیهائی کە دەبتە رسول (قم فأنذر) (المدثر ٢) دێتە گۆرێ.

تەمەننا دەکەم لە رب العالمین ئەمەی شەبابی صەحوە ئەمەش ئەوهابین ان شاءالله بتانین فیعلەن ئەو ئیمانیاتانە بەو قانونییەتەی وەربگرین وەکی پێغەمبەر و صەحابە بتانین تەحویلی کەین لەبۆ واقیع، لۆوەی فیعلەن رب العالمین لەمە ڕاببینی ئەمەش وەکو موصعەب و عەممار و صهیب وە ابوبکر و عثمان و ئەوانە، فیعلەن ئایاتیتکەمان لەبۆ دابەزینی ببینە ڕەمزی انشاءالله لەبۆ خۆمان و دەوروبەری خۆمان، اقول قولی هذا استغفرالله لي ولكم سبحان ربك رب العزة عما يصيفون وسلام على المرسلين والحمدالله رب العالمين.

کێ سوئالی هەیە؟ ئیستیفساری هەیە؟ کێ مولاحەظاتی هەیە؟ فەرموو.

(یەکێك): ئایە مەعنای ئیستیغفار چییە؟

(مامۆستا): تێنەگەیشتم..... ئەو سوئالەی.. عەفوم کە، ئیستیغفار ئیستیغفار بەڵێ بەڵێ ئاخر ئەوە حالاتە ئەو جەنابت ئەوەی بەحس دەکەی مەرحەلەکە ئینسان خۆی هەست بە ذنوب بکا، ئائەو جەمعە موبارەکە نەظیفە نەقییە جارێ گوناهیان نەبووە ئەوەندەی لەبۆیان هاتتە خوارێ ئائەوەندەی وەرگرتییە و تەحویلی کردییە لەبۆ واقیع، ئەو تەحویلەی نەقصی نەبووە ئینسان لە چەند شت ئیستیغفار دەکا لەوە کە مەئمورە پێی نەیکا لەوەی کە مەنهییە پێی بیکا ئەوەی مەئموراتە کردیتی ئەوەی مەنهیاتیشە نایکا، پاشان حەجمی ئەوەی هاتتە خوارێ کەمە مەحدودە زۆر نەبووە لەسەری، لەبۆ حالەتی ئێستەمان بەڵێ ئەما ئەویش دیسان مەرحەلەکیتکەیە، صەراحەتەن ئەمە ئێستا بەینمان لەگەر (رب العالمین)ی عیلاقەك ماددیە، یەعنی عیلاقەك ئیمانی نییە عیلاقەك رەبانی نییە، بەینمان لەگەر (رب العالمین)ی عیلاقەك کو کابرای ماددی کابرای سەر جادەی کابرای ناو بازار ئیمانی هەیە ئەمەش ئەوها ئیمانمان هەیە ئائەو حالەتە ئیمانییە دەبی بگۆرێ، ئەو قەواعیدانە کە لە قورئان ذکر کرایە لەبۆ ئیجادی ئەو حالەتە ئیمانییە.

نەخۆ ئیمان مەوجود بووە لە زەمانی قورەیش (ولئن سألتهم من خلق السماوات والأرض ليقولن الله) (لقمان٢٥)، عیلمەن موشریکیش بوون کافر بوون (قل من رب السماوات السبع ورب العرش

العظيم)(المؤمنون٨٦)، تەخەصوصەن یەعنی دەیان زانی ئاسمان سەبعە وە رەبی هەیە، یاخود (ومارب العرش العظیم) ئەوە مەوجودە یەعنی الله هەیە عەرشیشی هەیە عەظیمیشە، عەرشەکەی لەگەر ئەوەش ئەو حالەتەی ئەمە دەرێین دەبی موسبەقەن عیلاقەکی نوێ سەر لەنوێ لەگەر (رب العالمین)ی ئیجاد بکرێ، یەعنی فیعلی (ان الله سمیع) ئەها لە نوێژی دەرێین (سمع الله لمن حمید)، ئەو برا دەرەش ئێستا هاوار دەکا (سمع الله لمن حمید)[ کەسێك لەو کاتەدا نویژ دەکات]، عیلمەن ئەمە لەناو داخیلی خۆمان موقتەنیعین رب العالمین سەتاسەت (یسمعوني أنا الان كما تسمعوني أنت؟) ئەو هانیە؟ ئەو حالەتەی ئێستا ئەمە (سمع الله لمن حمید) مەعریفییە ئیمان نییە، مەعریفە جودایە ئیمان جودایە ئەمە دەبی بە مومارەسە بکەینە ئیمان کە فیعلەن ئەمن هەر وەختەکی لە کێندەرێ بم الله سەمیعە؟ هەر وەختەکی لە کێندەرێ بم الله بەصیرە؟ ئەمن دەزانم الله بەصیرە کە قورئان دەکەمەوە الله سمیع بصیر سمیع بصیر دەخینم ئەوانە ئەمما لەناو داخیلی خۆم چەند (سمیع)ە (بصیر)ە وەنییە؟.

پێشی دوو دەرسان عەینی ئەوها بەحسمان کرد، مەثەلەن ئەمە گەنجین لەسەر جادەی دەرۆین گوتمان بەر چاوی بەشەر سەت و هەشتا دەرجە دەبینی وەنییە؟ ئەو ئافرەتە و سافیرەیە دەڕوا حەرەکەی پێ دەکەم ئەمن ئەوەی دەبینم عیلمەن چاویشم نەچووە رب العالمین ئائەوەمان لەسەر حیساب دەکا (یعلم خائنة الأعین) (غافر١٩)، خائین یەعنی خیانە چاو خیانەت دەکا (وما تخفي الصدور)(غافر١٩)، ئەوجا ئەو حالەتە ئەو وەختی نەك ئەمن ئەوها بکەم بە لاچاوم تەماشای سافیرەکەی بکەم نەك هەر موجەرەد ئەوەندە زەینم لەسەری بوو شعورم لەبۆی چوو ئائەوە بە نەظەر حیسابە، کەینێ ئەوە عیلاج دەبی وەکو موصعەبم لێ دێ فیعلەن ئەمن شەو هەستم هەر ئیحساس بکەم الله سەمیعە الله سەمیعە الله بەصیرە، مەثەلەن لە مالێ کەس نییە بلێین سەتەلایتمان هەیە یاخود تەلەفزیۆنە یان تەسجیلمان هەیە یان رادیۆنم هەیە، شك نەکەم ئەوە لەسەر ئوم کەلثومیە کەس گێیلێنیە خوا گێی لێیە.

لۆیێ مەثەلەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کە نەماذجی دروست کرد بەحسی ئەهلی مەدینەمان کرد موتەئەخیرین ئەهلی مەدینە موتەئەخیرینی صەحابە ئیمانیان بەو نەوعەی نەبووە، ئەگەر ئەوەش صەحابییەك گوناحەکی گەورەی کرد ئیمانی ئەوەندە نییە ئیمانەکەی بیگری گوناحەکەی پێنەکا، چونکی ئیمان ئەوها دەستی بەشەر دەگری لەبۆ گوناح زمانی بەشەر دەگری لەبۆ گوناح چاوی بە شەر دەگری لەبۆ گوناح، ئەوها نەبی ئیمان صەحیح نییە، قەناعەتتان هەبی ئەوها نەبی ئیمان نییە، دەبی ئینسان موراجەعەی خۆی بکا، لۆیێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەفەرمی: (لايزني الزاني حين يزني و هو مؤمن)(مسلم) (ولايسرق السارق حين يسرق و هو مؤمن)(مسلم) لۆ؟ فیعلەن نییەتی زینایەکەی هەیە دەیگری ئیمان دەیەوێ سەریقەکەی بکا دەیگری ئیمان، لۆیێ

پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم نەوعی ئیمان نەك كەمالی ئیمان نەوعی ئیمانی لێ سەحب دەكا، تێدەگەی ئەزیزی من بە چ ئەوە؟ بە مومارەسە الله رقیب الله سمیع الله بصیر الله عظیم الله خبیر الله الله الله الله، لۆیێ دە ساڵی رەبەق پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم مەشغول بووە لەگەر (٧٠) صەحابەی هەتا ئەو حالەتە دروست بكا، لەناو داخلیان ئەوجا ئەمە دەبی بەو حالەی مەشغول بین.

لۆیێ یەك لە صالحین دەلێ وەكی هەردەستی شەوێ لەبۆ ئەو ذكرەی ئیستیغفار مەكە ئەوە لە شەیطانە، ئەو ئیستیغفارە شەیطان زۆر زیرەكە دەڵێ: نۆهەت و نۆ دەركەی خێرت لۆ دەكاتەوە لۆوەی لە یەك دەركەی بتبێخی، دەركەی خێرت لۆ دەكاتەوە ئەها بەحسم كرد جارەكی مەثەلەن ئەمە دانیشتینە ئێستا فلان برامان خەطەئەكی كرد ئەوە عەلا ئەساس ئەمە زگمان پێدەسوتێ: ئۆی مع الأسف بە ستەزمانەی تەمەشای ئەرێ والله ئەو غەرەتەی كرد ناویشی دەینین، عیلمەن ئەوە غەیبەتە، ئەوجا ئەوە زۆر واضحە گوناحی زۆر سەبر سەبر هەیە لەناو داخیل، ئێرە[ئاماژە بۆ سینگ] خۆی عالیمەكە باوەڕكەن بە قەد كەون ئێرە[ئاماژە بۆ سینگ] گەورەیە، كهوفی زۆر مظلمی تێدایە ئەشكەوتی تاریك تاریكی تێدایە، ژۆرێ بە میئات ئەمە گوناح دەكەین، ئەمە ئەو شەبابە لە بەینی خۆمان بی كەسیش نازانی سوء ظن گوناح نییە: (اجتنبوا كثیرا من الظن إن بعض الظن إثم)(الحجرات١٢)، حەسادەت غرور ریاء ریاء ریاء سبحان الله ئەغلەبی گەنجی موسلمان دێ لە بەر ریاء پشتی شكایە، شیركە یەعنی هەرچی بیناء دەكا بە شەو بەیەك حالەتەك ریاء هەمووی سوقط دەكا.

لۆیێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دائیمەن تەئكیدی لەسەر ئائەو حالەتەی كردییە بالاحری رب العالمین تەئكید دەكا نەك پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، ئەمما پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم مومارەسەی كردییە، فە ئەمە پێش ئەوەی ئیستیغفاری بكەین پێش ئەوەی ئیناره بكەین نەء موراجەعە دەكەین بە چ؟ ئەسمائی رب العالمین حەقیقەتەن لەناو داخیلمان مەوجودبی، ئەمن لە بن بەتانییەی رادێۆنم لە بن گێیە داكم نازانی راستە ئەمما والله رب العالمین سەمیعە، ئەها دبیب النمل بن پێی مێروستانی في لیلة سوداء لەسەر بەردەكی ملساء زۆر ئائەوەی گێ لێیە رب العالمین لە بن حەفت عاردبی، باشە ئەگەر ئەوحالەتەی گێ لێبی كو شتێتكە خەطەراتی ناو قەلبمان و (وما تخفي الصدور)(غافر١٩)، صدور خۆی خافییە ئێستا لە قەلبی ئەو برایەمان شت هەیە ئەمن نازانم، باشە لەویش خەفی هەیە، خۆشی پێ نازانی رب العالمین ئەویش دەزانی، (یعلم السر وأخفی) (طە٧)، باشە سڕ ئەوە سری پێیە بە من ناڕێ ئەوە سڕە ئەخفای سریش هەیە لەكنەوییە ئەمن نازانم، ئەویش خۆی پێنازانی جارێ الله ئەوەش دەزانی لەناو داخیلمان.

زۆر ضرورییه ئەمه عیلاقەمان لەگەر رب العالمین عیلاقەکی حەبیی صەمیمی بی عیلاقەکی میکانیکی نەبی، کە فیعلەن الله اکبر بەوەی دەگۆترێ تکبرة الاحرام، یەعنی کەون هەمووی لە ئینسانەکەی حەرام بوو حەتتا فوقەهاء ئەو ناوەیان لێ نایه تکبرة الاحرام الله أكبر، هەموو کەون لە ئینسانی حەرام بوو هەموو شتەکی لێ حەرام بووە بەس الله حەلالە، ئائەو ئینسانە ئائەو فەترە و ئەو لەحەظاتانەی هەمووی لۆ خوایە کوشن قیچەك دەربچی حەرامە شعورمان قیچەك دەربچی حەرامە لەسەرمان حیسابە، رب العالمین جیهازەکی هەیە یەکسەر لێدەدا لەوێ.

لۆیێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تەقسیمی کرد دەرێ: (رب مصلي ليس له من صلاته الى العشر) یەك لە سەردە، لە حەدیثەکیتکە دەفەرمی: (أتعرفون من السارق) گوتیان: سارق ئەوەیە دینار و درهەم و زێری بدزی گوتی: نەخێر ئائەوەی کە لە نوێژی دەدزی موحتەمەلە بە چارەگەکی نوێژ عەصرێ بکا ئەمما شعوری هەر سی سانییە چل سانییە لەناو نوێژێ بووبی، سی سانیەکەی لەبۆ حیسابە نەك چارێگەکە، ئەو حالەتە زروری لە ناو داخیلی خۆمان ئەمە والله دروستی کەین.